و منداڵانی تەمەنی قوتابخانەشی لەخۆ گرتبوو ئەنجامەکە ئەوەی دەرخست کە کەمبوون هەیە لە یۆدی سووك ( Mild iodine deficiency ) .

5- ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی ئاوێتەی ئایۆداتی پۆتاسیۆم (KIO3) چونکە ئەم ئاوێتە پلەیەکی خۆڕاگری زۆر جێگیری هەیە و بەرگەی گەرمی و شێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەگرێت ، هەروەها لە ڕووی ژاراوی بوونەوەش ئەوا بە پلەیەکی بەرز بێ ترسە .

د.ڕێکەوت حمە رشید کریم
وەزیـری تـەنـدروستی

وەزارەتی داد

**بەیانی ژمارە (8)ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (9) بڕگە (2) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (13)ی ساڵی 2007 بڕیارماندا بە :-

- گۆرینی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی زاخۆ بۆ بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی زاخۆ .

**بەیانی ژمارە (9)ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (9) بڕگە (2) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (13)ی ساڵی 2007 بڕیارماندا بە :-

- گۆرینی ناوی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی پیرمام بۆ تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەددین .

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەیانی ژمارە (2)ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (3)ی ماددەی (22)ی یاسای هەمواركراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4) لە ساڵی 1992 و لە پێناو بەرژەوەندی کار وە لە سەر داوای بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانی هەولێر/دهۆك/سلێمانی/ گەرمیان بڕیارماندا بە:-

1- کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی ( گرێ بەستە گشتی یەکان و کاروباری یاسایی ) لە دیوانی بەرێوەبەرایەتی یە گشتی یەکانی سەرەوە لە جیاتی بەشی/ گرێ بەستە گشتی یەکان و کاروباری یاسایی و بەرێوەبەرایەتی ناوبراو لە دوو هۆبە پێك دێت کە (هۆبەی گرێ بەستە گشتی یەکان) و (هۆبەی کاروباری یاسایی) .

2- کردنەوەی هۆبەی کاروباری یاسایی لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان کە سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانی سەرەوەن وەك ئەوەی لە پەیکەری رێکخستن هاتووە لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د. پشتیوان صادق عبداللە**
**وەزیری پەروەردە**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە (6)ی ساڵی 2014**

پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (14489 لە 2014/7/2) بریارماندا بە :-